

وەرزش
یەکشەممە 2010/1/31
ژمارە 265

## لە خولی نایابی کوردستاندا

# بروسک هەڕەشە لە کەرکووک دەکات

**ئا/ کوردە**

لەمیانی بەڕێوەچوونی یارییەکانی هەفتەی چوارەمی قۆناغی دووەمی خولی تۆپی پێی نایابی کوردستان، ڕۆژی پێنجشەممەی دادێ 7 یاری بەڕێوەدەچێت، کە یەکەمیان لە یاریگەی فرەنسۆ هەریری و لە نێوان هەردوو یانەی هەولێر و خاک دەبێت، لە شاری سلێمانییش یانەی نەورۆز و بروسک یاری دەکەن، دیسانەوە لە شاری سلێمانی و لە یاریگەی خۆی یانەی سیروانی نوێ ڕووبەڕووی یانەی کەرکووک دەبێتەوە.

هەردوو یانەی سەورە و شێروانەش لە یاریگەی شاری کەرکووک بەیەک دەگەن، پێرس و دهۆکیش یاریی دێربیی خۆیان دەکەن، یانەی هەندرێن لە یاریگەی خۆی لە پێشوازیی یانەی پێشمەرگەی سلێمانیدا دەبێت. لە پیرمامیش ئارارات و پێشمەرگەی هەولێر یاریی ئەم هەفتەیەی خۆیان ئەنجام دەدەن.

جێی وەبیرهێنانەوەشە یارییەکانی هەفتەی ڕابردوو بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

خاک × نەورۆز 2–1
سیروانی نوێ × هەولێر 2–1
بروسک × سەورە 3–0
کەرکووک × پێرس 1–0
شێروانە × هەندرێن 1–0
دهۆک × پێشمەرگەی هەولێر 2–1
پێشمەرگەی سلێمانی × ئاارات 1–1

بەمجۆرە ڕیزبەندی یانەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

کەرکووک 33 خاڵ، بروسک 28 خاڵ، سیروانی نوێ 26 خاڵ، هەولێر 25 خاڵ، پێرس 25 خاڵ، پێشمەرگەی سلێمانی 24 خاڵ، دهۆک 24 خاڵ، ئاارات 24 خاڵ، هەندرێن 23 خاڵ، پێشمەرگەی هەولێر 16 خاڵ، نەورۆز 15 خاڵ، خاک 12 خاڵ، سەورە 12 خاڵ، شێروانە 11 خاڵ.



# ڕاهێنەری گۆڕەپان و مەیدانی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی ئێراق: خۆمان بۆ پاڵەوانییەتی هۆڵە داخراوەکان ئامادەکردووە



د. حوسێن سەعید ئیبراهیم یەکێکە لە ڕاهێنەرە دیارەکانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی ئێراق و ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی لە هەردوو کارەکەیدا هەیە.

د. حوسێن دەڵێ، لە ساڵی 1997 لە شاری بەغدا بەشداریم لە خولی مەشق و ڕاهێنان کردو توانیم بڕوانامەیەکی بەرزبەدەستبهێنم و لەسەر خولەکەش یەکەم بم، پاشان ئاماژەی بەوەکرد کە ئێستا وەک یانەی هەولێر لە خۆئامادەکردندان بۆ بەشداریکردنیان لە پاڵەوانییەتی هۆڵە داخراوەکان کە بڕیارە لە تەهران بەڕێوەبچێت.

د. حوسێن دەڵێ، هەر بۆ ئەو مەبەستە 3 یاریزانی لێهاتوومان بۆ ئەو پاڵەوانییە ئامادەکردووە، ئەمانیش دڵزار کەمال و گوڵستان مەحمود و کارۆخ ساڵح–ن، کە هەرسێکیان یاریزانی یانەی وەرزشی هەولێرن و لە هەڵبژاردەی ئێراقیش یاری دەکەن، ئومێدمان زۆرە لەو پاڵەوانییەدا ئەنجامێکی شایستە بەدەستبهێنین، چونکە لە مەشقێکی چڕوپڕداین و دەستەی کارگێڕیی یانەکەشمان بایەخێکی زۆرمان پێ دەدەن و هەموو پێداویستییەکانیان بۆ ئامادەکردووین.

**ئا/ ئەردەلان قادر**

# هەرێم بورهان عەلی: یاریکردنم لە ئەورووپا ئەزموونێک بوو لە ژیانی وەرزشیم



**دیمانە/ چیابان چاوجوان- سلێمانی**

هەرێم بورهان عەلی یاریزانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانییە لە تۆپی پێ، لە ساڵی 1984 لە کەلار لە دایکبووە، بەر لە ماوەیەکیش لە یەکێ لە یانە پلە سێیەکانی وڵاتی نەرویژ یاریی دەکرد و بەم دواییەش گەڕایەوە کوردستان، لە دیدارێکی خێرادا چەند پرسیارێکمان ئاڕاستە کرد:

*** ئێستا وەرزشی کوردستان چۆن دەبینی؟**

– بە خۆشحاڵییەوە دەتوانم بڵێم، ئێستا وەرزش لە کوردستان زۆر بەرەوپێش چووە، هیوام وایە زیاتر بەرەوپێش بچێت و بایەخی زیاتریش بە وەرزشوانان بدرێت.

*** چوونت بۆ دەرەوە تا چەند کاریگەریی بەسەرتەوە هەبوو؟**

– بێگومان کاریگەریی باش و خراپی هەبوو، قۆناغێک بوو لە ژیانم پێیدا ڕۆیشتم، من کوردستانم جێهێشت، چوومە وڵاتی نەرویژ و لەوێ لە یانەیەکی پلە سێی خولی ئەو وڵاتە یاریم کرد.

*** ئەدی کە گەڕایەوە؟**

– لێرەوە دەمەوێ سوپاسی لیژنەی ئۆلۆمپیی هەرێمی کوردستان بکەم کە داوای لێبوردنەکەیان قبوڵ کرد.

*** دەرەوەی کوردستان چ پەیامێکی پێدای؟**

– پەیامێک کە پێموایە دەبێ یاریزانانی کوردستان شانازی بە نەتەوەو وڵاتەکەیان بکەن.

بۆکیانی وەرزش

# کەی سەبەتەی دهۆک بە تەواوی پڕ دەبێت؟

**بۆتان جەلال**

پێدەچێت ئەجندای بەرپرسانی وەرزش لە شاری دهۆک ئەوەبێت بە چاوێکی دیکە و بە بایەخدانێکی جیاواز سەیری یاریی تۆپی سەبەتەی شارەکەیان بکەن، کە ئەویش چڕکردنەوەی گرنگیدانە بەو جۆرە یارییە، بە تایبەتیش تۆپی سەبەتەی یانەی دهۆک بەشی شێری ئەو گرنگیدانەی بەرکەوتووە، دیارە دەیانەوێت یانەی دهۆک وەک پاڵەوانێکی کۆڵنەدەر لە گۆڕەپانی یاریی سەبەتەی کوردستان و ئێراق بمێنێتەوە و هەمیشە ناوی بە درەوشاوەیی لە پێشەنگی یانەکاندا دیارکەوێت، ئەمە کارێکی دروست و باشە، بەڵام نابێ تەنها حەز و خولیا و ئاواتەکە سنووردار بکرێت، تەنیا وەک یانەیەکی بەهێز لە نێو یانە بەهێزەکانی ئێراقدا سەیر بکرێت، پێویستە هێشتا ئامانجەکانیان فراوانتر بکەن و لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە فراوان و مێژووییانەیان زیاتر کۆشش بکەن و خۆیان ماندووبکەن، بگەنە ئەو ڕادەیە یانەی دهۆک لە سەبەتە لە ڕیزی یانە پاڵەوانەکانی عەرەبی و ئاسیاشدا حیسابی گەورە و بە نرخی بۆ بکرێت، بەمەرجێک هەوڵدان و کۆڵنەدانیان لەسەر حیسابی یاریزانە لاوەکانی کوردستان نەبێت ڕووبکەنە کڕینی یاریزانی عەرەب و پشت لە کوردەکان بکەن، بەڵکو هاوتەریب لەگەڵ دەستکەوتەکان، بنکەیەکی گەورەی پێڕاگەیاندنی یاریزانی گەنج لەو شارە دروست بکرێت، تاکو گەنجەکان ببنە یاریزانی ئایندەی یانەکە و درێژەپێدەرانی دەستکەوتەکان بن.

پڕبەدڵ ئاواتمانە یانەی دهۆک ئەمساڵیش ببێتە پاڵەوانی خولی یانە نایابەکانی ئێراقی فیدڕاڵ و بەوپەڕی حەز و خرۆشەوەش چاومان بڕیوەتە دەست و باسکی یاریزانەکانیان کە لە پاڵەوانێتی یانە پاڵەوانەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا بگەنە ئاستێکی بەرز و دەستکەوتێکی مێژوویی تۆماربکەن و لە قسەو توانج و پەلاری خەڵکانی ناحەز بە پێشکەوتنی وەرزشی کوردستان ڕزگارمان بکەن، کە دەڵێن یانەکانی کوردستان تەنها لەسەر ئاستی خولەکانی ئێراق دەتوانن دەستکەوت بەدی بهێنن، کە دەچنە دەرەوەی ئێراق چییان پێناکرێت و دەست بەتاڵ دێنەوە!!

